14/143

هفته‌نامه اتحاد چپ

شماره ۱۷ ۲۴ مهر ۱۳۵۸ بها ۱۵ ریال نشریهٔ هفتگی سازمان اتحاد چپ

ناواخنی ژماره ۱۷

* مەجلیسی خەبیران : خەلافەت لە جیات پاشایەتی .
* وردە بورژوازی و رواژاولید راوی .
* هەرمشە لە گەلی کولنەدەری کورد .
* سنعات و سیاسەتی دەولەت .
* خودموختاری گەلان، پیداویستی ئیرانیکی ئازاد و دیموکراتیکە
* تەنیا بە دەستەوە گرتنی هیزی سیاسی لە لایەن کومەلانی خەلك را دەستە بەری دیموکراسی یە .
* خەلخالی دیسان درو دەکا !
* ئاخری نەن زانی چەند کەس بوون ؟

هەلبژاردەی نووسراوەکانی ژمارە ۱۷ بەکوردی

۱ـ خودموختاری گەلان، پیداویستی ئیرانیکی ئازاد و دیموکراتیکە .

۲ـ هەرمشە لە گەلی کولنەدەری کورد .

۳ـ خەلخالی دیسان درو دەکا !

٤ـ مەجلیسی خەبیران : خەلافەت لە جیات پاشایەتی .

حەوتەنامەی یەکەتی چەپ

ژمارە ۱۷ ۲٤ی رەزبەری ۱۳۵۸ / ۱٦ی ئوکتوبری ۱۹۷۹

بلاوکراوەی حەوتووانەی ریکخراوی یەکەتی چەپ

* خوینەری بەریز : ژمارەی پیشووی "یەکەتی چەپ" بە هەلە بە ژمارەی ۱۷ لە قەلەم درابوو ، ژمارەی پیشوو ژمارەی ۱٦ بوو .

خودموختاری گەلان ،پیداویستی ئیرانیکی ئازاد و دیموکراتیکـــــه

لە ژمارەی ١١ی "یەکەتی چەپ" دا لە مەر چلونایەتـــی خوگرتن و دامەزرانی "دەولەتی مودیرنی" رەزا خانی بە گوپرەی ئاتاج وحەوجـــی ی ئابووری ـ سیاسی ئیمپریالیزمـــی ئینگلیس دواین . لەو نووسراوی دا شی مان کردەوە کە چـــون گورانی حەوجـــی ی ئابووری ـ سیاسی ئیمپریالیزم دوای پیك هاتنی حکوومەتـــی رەزاخانی ،چ ریبەکـــی بو نەماوە جگـــە لە ئال وگور کردنی پیوەندی تراديسیونیلی دەولەت لە بەرامبەر هیزەکانی کومەلایەتـــی دا نەبـــی و دەبوو پیوەنـــدی تازە دەگەل هیزەکانی تازەی کومەلایەتـــی وچینە جوراوجورەکانی ئیران دامەزرینـــــی .

بە تیگەیشتن لەو پیوەندییە یە کە دەکـــری بزانین بو چـــی سیاسەتی ناوەند خوازی حکوومەتی رەزا خان لەوزەی دانەبوو گـــری ی زەوی ،وەك کاکلـــی سەرەکـــی مەسەلەی میلییەتەکان جـــی بە جـــی بکا و شی بکەینەوە کە بو چی تەنیا دەکار ـ کرانی زەبر و زەنگـــی ئیمپریالیستی دەیتوانـــی پیش بە هەلدان وگەشە کردنی خەباتی میلییەتە زولملیکراوەکان بگری .

توندوتیژتر بوونی ناکوکـــی یەکانی ئیمپریالیستەکان دوای قەیـــرانـــی جیهانـــی ی دەسمایەداری (١٩٢٩) و دەس ـ پیکرانـــی شەری دووهەمـــی جیهانی و راکردنی رەزاخان ،هوی هەلوەشانی مەرکەزییەتی سیاسی و بە دوای ئەوداهەلدانی خەباتی میلییەتە زولملیکراوەکانی ئامادە کرد و میلییەتانی تورك وکورد دەرفەتیان هینا تا جاریکـــی دیکە داوا سەرەکیەکانـــی خویان بو شەری زولمـــی میللی وچینایەتـــی رابگەینن وتا رادەی دامەزراندنی حاکیمیەتـــی سیاسی سەربەخوی خویـــان بچن . لەو دەورمیەش دا بیگومان کز بوونـــی سەروکایەتی و تیگەیشتنی نادروستی هیزە سیاسی یەکان و بە تایبەتی حیزبـــی تووده کە مەسەلەی میلییەتە زولملیکراوەکانی بە سیاسەتـــی سوڤیەتەوە گریدا ،زەمینەی پیویست بو سەرکوت کرانی ئەم خەباتـــە لە لایەن ئیمپریالیستەکان و هیزە دەسنیژە ناوخوییەکانی وان وەك ئەحمەدی قەوام ئامادە بوو و ئەو جارە یش خەباتی میلییەتـــە زولملیکراوەکان لە خوین دا نوقم کـــــرا .

پاش کوودەتای ئیمپریالیستی ٢٨ی گەلاویژی ١٣٣٢ (١٩ی ئووتی ١٩٥٣) و بوونـــی ئیران بە کومەلیکی دارشتەی دەسمایە داری گریدراو ،شان بە شانی پەرەسەندنـــی خیرای بورژوازی قورغچـــی بە پشتیوانی دەربار و شـــــا و ویرای توندو تیـــژ بوونـــی جەرەیانی پەرەگرتنی پیوەندییەکانی دەسمایەداری لە سەر داوا وحەوجـــی ی بازاری جیهانـــی ی ئیمپریالیستـــی ،مەسەلەی زەوی ئەو جارەیش ،نەك بە ریبازی جی بە جـــی کردنی بنچینەیـــی مەسەلەی میلییەتەکانی ئیران دا ،بەلکوو دەبوو بەگوپرەی چلونایەتـــی پەرەسەندنی پیوەندییەکانی دەسمایەداری گریدراو را ،بە بەدیلـــی بورژوایـــــی جی بە جی بکـــری . ئیسلاحاتی زەوی ئیمپریالیستی بە ئامانجی گورینی زەوی بە دەسمایە وساز دانی هیزی کاری هەرزانی تەریدە لە لادییانەوە، هوی جی بە جـــی کردنی گری ی زەوی بە ریگای بورژوایـــی دا ئامادە کرد . ئەگەرچـــی بە شیکی سەرەکـــی ولات ،بە دەکار کرانی پیوانەی هەلەی حەقـــی نەسەق وەبەر پروگرامـــی ٣ پلەیـــی ئیسلاحاتی زەوی کەوت و بە هوی ئەمەوە زوربەی خاوەن مولکـــە کانی خستە پال دەسمایەدارەگریدراوەکان وجەماعەتیکـــی زور لە لادییە بـــی نەسەقەکانی لە خیلی سوپای بیکاران زیاد کـــرد تا هیزی کاری هەرزانی سنعاتی گریدراو دابین بکەن ،بەلام چونکوو دەبوو مەسەلەی زەوی ،لە بەر مەسلەحەتی سیاسی ، بـــە ریگای بەدیلـــی کـــی جیا لە کومەلانی سەرەکـــی بەرهەم هینەری لادییان واتە جووتیاران و لە لایەن ئیمپریالیزم و داو و دەزگای بیروکراتیکـــی گریدراو بەورا واتـــــە دەولەتـــی ئاریامیهری جـــی بە جـــی بکری ،بویە بو پیش گرتن بە هەموو چەشنە بەرەنگار ـ بوونیکـــــی سیاسی ،بە تایبەتـــی لەو مەلبەندانەی دا کە مەسەلەی میلییەتەکانی هەمیشە تیدا سەرکوت کرا بوو ،دەستیان

لە بەریوەبردن وجی بە جـــی کردنی ئیسلاحاتی زەوی گیراوە ،بەم پییە خاوەن مولکە گەورەکانی ئەم ناوچانە وەك جاران وەکوو یەکیك لە پال پشتەکانی ریژیمـــی گریدراوی شا مانەوە و وەك هیزی هەرە کونە پەرست لە ناوچەی وەك کوردستان ،تورکەمەن ـ سەحـــــرا ،خواروی خوراسان و بەشیك لە خووزستان لەدژی بەرژەوەندی زەحمەتکیشانی میلییەتەکان ریزمیان بە ست . بـــە پەرە سەندنـــی پیوەندییەکانی دەسمایەداری لە ئیران ،ئیستا لە تەنیشت خاوەن مولکە گەورەکانی ناوچەیـــی ،دەسمایەدارانی زەوی ،بیروکراتەکان و ئەمیرەکانی ئەرتەشی سەرکوتکەری ئیمپریالیست سازکردووش بە دەست بە سەر زەوی دا گرتن ،یەکەتیکـــی نە پیروزیان لە دژی داواکانی کومەلانی بەشخوراوی میلییەتە زولملیکراوەکان پیك هینا و بو پیچەل پیچ تر کردنی گری ی میلییەتان و هەول بو سەرکوت کردنی وان بە هەموو هیزیکەوە تیوەچوون . ئەوەی ئیستا لە کوردستان ،گونبـــــەد و تورکەمەن سەحرا و خووزستان لە گوری دایـــــە دەرکینەری ناکوکـــی یەکە لە نیوان ئەم کونەپەرستە یەگگرتووانە و کومەلانی زولملیکراوی میلییەتەکانـــی ئەو ناوچانە و پیوەندی بە گری ی زەوی وە هـــــە یە . بەم پییە ،ئەگەرچـــی هینانەگوری مەسەلەی خودموختاری چ بەر لە راپەرینی ریبەندان وچ دوای ئەم لە لایەن ئەم چین و توپژە کونەپەرستانە و دەولەتـــی پشتیوانیان را بە هەلە بەجیاوازیخوازی لە قەلەم دەدری ،بەلام لە راستی دا ،داوای خودموختاری میلییەتەزولملیکراوەکان ،لەکردەوە دا نیشاندەری ئیرادەی میلییەتەکان لە دژی زولمـــی چینایەتـــی و میللی خاوەن مولکەکان و دەسمایەدارانیـــی زەوی و بیروکراتەکان و ئەرتەشـــی یە خاوەن زەوییەکانە . هەر وەها دەبـــی ئەوەش بکوتری ،کە لە بەر دەکار کرانی حاکیمیەتـــی دەولەتـــی ناوەندی لە رابردوودا کە هەمیشە بە هوی کردەوەی توندو تیژی نـــە ئابووری (زور و سەرکوت کردن) جـــی بەجـــی کراوە ،بو یـــــە گشت ئورگانەکانی دەکار کرانی ئەم حاکیمییەتە لە بارستایـــــی ناوچەکانیش دا قورغـــی تاك و تەراکـــی دەولەتـــی لاوەیـــی یان خەلکی خومالی سەر بـــــە دەولەتـــــی ناوەندی بووە . ئیسلاحاتی زەوی ئیمپریالیستی ش کە ئامانجـــی جی بە جـــی کردنی گیرەو کیشەی خربوونەوە و تەمەرکوزی دەسمایەی لە بارستایـــی جیهانی دا لەبەرە خوی رونابوو و لە بەر ئەوەی کـــە وەك جاران پیداویستی بە پاراستنـــی حاکیمییەتی سیاسی مەرکەزی بە مەبەستی بەرهەلست سازکـــردن لە پیش پەرە سەندنی خەباتی سیاسی میلییەتان هەبوو ،ناچـــار بوو کە دەست لە شکلـــی بیروکراتیکـــی دەکار کرانـــی حاکیمییەتیکـــی ئەوتو وەرنەدا و وەکوو خوی بیهیلیتەوە . وگومـــان لەوە دا نییە کە بـــو جـــی بە جـــی بوونـــی مەسەلەی میلییەتان ، کومەلانـــی زەحمەتکیشی گەلان حەقـــی ئاشکرا و بـــی ئەم لا و ئەو لایانە کە ئامـــرازی خومالـــی دەکار کرانی حاکیمیەتـــی ئیداری و سیاسی خویان بە گوپرەی پرینسیپی شوورا کانـــی لادیـــــی و شاری پیك بینن و لە جـــی ی ئامرازەکانی ئیداری و سیاسی حاکیمییەتی مەرکەزی سەرکوتکەری دانین . سەبارەت بەو شتانەی لە سەرەوە باس کران ،ئەو رو ئیمـــە لە ناوەروکـــی مەسەلەی میلییەتان دا ، دوو ناکوکـــی بە دوو ناوەروکـــی جیاوازەوە لە ئاقار خومان دا دەبینین و ئەوان بریتین لە دریژەی ناکوکـــی یەکانی بەر لە دەسمایەداری و پەرەسەندنی ناکوکی کانـــی دەسمایەداری . لە تەنیشت ئەم دوو چەشنە ناکوکـــی یانەی بە خەسلەتـــی جیاوازەوە ،خورد بوونەوە لەم نوقتـــــە یەش پیویستە کە پیوەندییەکانـــی دەسمایەداری گریدراو ،ببر ببر مەجبوور بە توندو تیژتر کردنی پەرەسەندنی نالیك و نەوەك یەکـــی ناوچەکانە ،وەك خەسلەتیکـــی زاتـــی تەکووزی دەسمایەداری ،لە بەر ئەمـــە ، ئەوەی کە لە چوار چیوەی پیوەندی ئەوتو دا بـــــە نسیب میلییەتەکان و کومەلانـــی رەنجکیشی ئەوان دەبـــی ،تەنیا نەداری و هەژاری گشتی یە کە لەم پەرەسەندنە نالیکە کەوتوتەوە . لە خورانییە کە میلییەتەکان لە مەیدانـــی راپەرینی دژی ریژیم و خەباتـــی کومەلـــی دا زور بە توندی تیوە چوون و بە شداربیان کرد و داواکاری جی بە جـــی کردنی ریشەیـــی زولم و هەژاری خویان بوون . بەلام ،لە بەر ئەوەی کە قەیرانی ریژیمـــی شا بوخوی

له قەیرانـــی تەکووزی دەسمایەداری گریدراو را کەوتبو وە ،بەم پییە بەکـردەوە ،بورژوازی نـــەقورغچـــی دە سەلاتدار و وردە بورژوازی تازە پیداکەوتووی ئیران ،کە بوخویان لە هەمان تەکووزی دە سمایەداری گریدراو بوون ،قەت ناتوانـــن ریگای چارەسەر کردنی مە سەلەی میلییەتان و لابردنـــی زولمـی میللی وچینایەتـــی و هەژاری گشتی کومەلانی ئەم میلییەتانە بدوزنـــەوە . ولە بەر ئەمـە ،دەولەتـــی بازرگان ،ناچارە کە داوای خودموختاری میلییەتان ئالوز کا و بە کردەوە سەرکوتیان کا . هەر وەها وردە بورژوازی ترادیسیونیل یش کە لە ژیر تەوژمـی سەر هەلینانی دە سمایەی گەورە دابووە و لە چوار چیوەی ریژیمی شادا ریگایەکـــی بو نەمابووە جگە لە دەگەل کەوتنی وردەوردەی ریزی پرولیتاریا دا نەبـــی ،لە جەرمیانی راپەرین دا و بـــە پال پشتی رووحانییەت ،بو پیش‌گرتن بە مەرگـــی ببربری خوی ،داواکاری قورغ‌کردنی گشت حاکمییەتی سیاسی لە دەست خوی دایە . بەلام ،لە بەر ئەوەی کە هەبوونـــی ئەم تویـــژە ش بە هەرمانـــی خاون مولکیتـــی تایبەتـــی بەستراوەتەوە ، لە هەلویستیکـــی کەلەرەقانە را لە دژی داواکانـــی میلییەتان وجـــی بە جـــی کردنی شورشگیرانەی مە سەلەی میللی راوە ستاوە . لە بیرمان نەچـــی لە تەواوی شارەکانی ئیران دا و لەوجییانەش‌کە مەسەلەی میللی توند و تیژیکـــی تایبەتـــی هە یە لە پیوەندییەکانی بەرهەم هینانـــی کەلوپەلـــی وردە پا و بەشینەوەی ئەوان‌دا دە بیندری . لە ناوئەم تویـــژە دا ،زور سەلەم خور و سوود خوری لادیـــی دەبینین ،کە سەبارەتبە وەزعـــی ئابووری خویان و نزیك بوون لە گەورە خاوەن مولکان ی ناوچە یـــی ،قەت ناتوانن داواکاری جی بەجـــی کرانی گری‌ی زەوی و لە ئەنجام دا هیز بە دەستەوە گرتن و دەست رویشتنی کومەلانی زەحمەتکیشی میلییەتەکان لەناوچانە دا بن . لە خورا نییە کە بازاری یە کانی ســـنە وەدووی موفتـــی زادەی کونەپەرست ،ئەوکورە مە لایـــە دەکەون و لە کردەوەدا لە دژی کومەلانی جووتیاری و ئورگانەکانی شووراى زەوی و ریکخراوە شورشگیرەکانـــی کوردستان ئاژاوە دەنینەوە و دوژمنایەتیان دەکەن . و لە خورا نییە کە هەر ئەم وردە بورژوازی یەی بەرچاوتەنگ و لاوەیـــی لە خووزستان ، دەست لە دەستی سەروکە کونەپەرستەکانی عەشیرەکان‌دا مە سەلەی میللی گەلـــی‌عەرەب دە هیننە رادەی شەری عەرەب وعەجەم و بە و پەری پیکیشی یەوە لە سەرکوت‌کرانی ئەم گەلە دا چەپلە ریزان یانـــە .

بەلام ،رووحانییەتیش ، ئەگەر چـــی لە فورمـــی دەزگای رابەری ئیستای وردە بورژوازی ترادیسیونیل دا و بەکردەوە لە بـــەر بەرژەوەندی سەرتویـــی تویژی‌خوی ،کە تەنیا بە هوی وەگیر کەوتنی داهات بەریگای خوص‌و زەکاتەوە و بە بەسترانەوە بـــە وردە بورژوازی و خاوەن مولکەگەورەکان ئیمکانـــی هەرمانی هەیە ،لە باری سیاسی یەوە ،لە بەر بە دەستەوە بوونی رابەرایەتـــی و بەمەبەستـــی پاراستنی قورغچیتیانەی ئەم دە سەلاتە ،مە جبوور بە دژایەتـــی کردن وسەرکوت‌کردنی هەموو جوولانەوە یەکـی دیموکراتیك وکومـــەلـــی یە . لە بەر ئەوە رابەرایەتـــی قورغچـــی ،بە شیخ عیزەدینی حوسینی دە لـــی فاسیـــد و لە کردەوە دا بەجنیودان بە یەکیك لە سەروکەکانی دیموکراتی گەلـــی کورد ، خەباتی دیموکراتیکی کومەلانی رەنجکیشی کورد ، کە قورغچیتی سیاسی رابەریەتـــی یان دە خەتەر خستووە ، دەئالوزینـــی و پلاری تیدەگری .

ئیستا با بینە سەر هەلویستی پرولیتاریای شورشگیر و کومونیستەکان لە مەر گری‌ی میلییەتان . مە سەلەی مافی نەتەوان و گەلان بـــو دیاری کردنی چارەنووسی خویان ،بە کردەوە داوایەکـــی بورژوا ـ دیموکراتیکـــە و وەك میژووی شورشەکانی بورژوازی ئورووپـــا نیشانی دەدا جـــی بە جـــی کردنی بە ستوی بورژوازی شورشگیرەوە بوو . بەلام ،پەرەسەندنی پیوەندییەکانی دە سمایەداری لە مەیدانی جیهانی دا و بەربلاو بوونـــی زەمینەی کـردەوەی ئیمپریالیزم ،لە ولاتانـــی گریدراو ،جـــی بە جـــی کردنی مە سەلەی گەلانـــی زولملیکراو بتە نیا و تەنیا خستوتە ئەستوی پرولیتاریای شورشگیر . نەبوونـــی بورژوازی وەکوو چینیکی شورشگیر لـــە

بە ستینی پیوەندییەکانی دە سمایەداری گریدراو دا ، بە هوی ئەوەی کە ئەم چینە بوخوی دەگەل ئامرازی ئابووری ـ سیاسی تەکووزی ئیمپریالیستی یە و تیگەیشتن لەو نوقتەیە کە سەرخانی سیاسی و فورمـــی حکوومەتـــی کومەلگاکانی گریدراو ،جیا لـــە ویست و مەیلی تاقەکەسی یان گروپـــی بەرەو دیموکراسی ، هەمیشە دیکتاتوری یە ، بورژاوزی لە داهینان و هینانەگوری هەموو چەشنە بەدیلـــی کـــی دیموکراتیك دوور دەکاتەوە ،بەلام سەرهەلینانی دیموکراتیزاسیونـــی کومەلگاکانی ئوروپاینـــی ـ هەر وەها ئەوش دە سەپینی کە وەدەست‌خستنی مافی دیموکراتیك و دامەزران و پنج بە ستنی حکوومەتە دیموکراتەکان نەك لەبەر داوای زاتـــی بورژوازی لە مەر دیموکراسی خوازی بەلکوو لە بەر توند و تیژ بوونی خەباتی چینایەتـــی وخەباتی دیموکراتیك لەم کومەلگایانەدا لواوە . ئیستا کە لە ئیران بورژوازی گریدراوی نە قورغچـــی ،سەرەرای دە سەلاتی کافی بە سەر بناغەی ئابووری ولات دا ،نەك ئەو رو بەلکوو قەت لە وزەی دانییە کە خەبات بو دیموکراسی و دیفاع لە داواکانی دیموکراتیکی میلییەتەکانی زولملیکراو دریژە پیبدا ،بەلکوو بەهەموو هیزی خوی یەوە دیفاع لە سەرکوت‌کردنی گەلان دەکا ،هەر وەها لە بەر ئەوەی کە حاکیمییەتی سیاسی وردە بورژوازی ترادیسیونیلیش بە پال دانەوە بە ئیدیئولوژی بەر لە دەسمایەداری یان مەزەب و پیوەندی خوی دەگەل هیزە کونە ـ پەرستەکانی لادیـــی و شارستانی لەوناوچانەی دا کە بزووتنەوەی میلییەتان پەرەیەکـی شورشگیرانەی گرتووە ، لەدژی داوای گەلانی زولملیکـــراو راوەستاوە و داواکاری سەرکوت‌کردنیانە ،لەم هەل‌و مەرجە دا جـــی بەجـــی کردنی ئەم گری و گولانە و راپەراندنی ئەرکەدیموکراتیکەکان لەستوی کییە و کامـــە چین ئالای دیموکراسی هەتا ســـەر بە شەکاوەیـــی بە دە ستەوە دەگری ؟ کومونیستەکان بە پشت ئەستوور بوون بە پرولیتاریا وەکووچینیکـــی سەرانسەری وبە پاراستنی سنوور کیشانی چینایەتی ئەم چینە لە مەر مەسەلەی دیموکراسی دەبزوونەوە ولە خەباتی دیموکراتیك دا بەشداری دەکەن . لە ئیران دا وەك کومەلەیەکـی بە بنیاتی دەسمایەداری گریدراوەوە ،ئاگادار کردن و ریکخستنی چینی کریکار هەر وەك پیشوو ئەرکـــی سەرەکـــی کومونیستەکان پیك دینی ،بەلام بەشداری سەربەخوی چینی کریکار لە خەباتی دیموکراتیك دا ،ئیستاش‌وەکوو رابردوو ئامرازی سەرەکـــی ئاگادار بوون و ریك کەوتنی پرولیتاریای ئیرانـــە . ئیمە لەو بروایە داین کە کردنەوە و جی بە جی کردنی مە سەلەی گەلانیش وەك بەشیك لە خەباتی دژی ئیمپریالیستی ،تەنیا و تەنیا لە ستوی تاقە چینی دژی ئیمپریالیست واتە چینی کریکاری‌ئیران و شورشگیرانی کومونیستە . بە شداری پرولیتاریا ودیفاعـــی پرولیتاریایانە لە داوا و جوولانەوەکانی دیموکراتیکی گەلان و جووتیاران و زەحمەتکیشانی تر ،لە کومەلگاگریدراوەکان دا ،داوایەك‌نییە لە ریبازی دامەزران و پنج بەستنی دیموکراسی بورژوایـی دا ،چونکوو بـی هەلوەشاندنی شورشگیرانـــەی پیوەندییەکانی دەسمایەداری و پەرەپیدانی دیموکراسی پرولیتیری ، جووتیارانی بەندگراو ،گەلانی زولملیکراو و زەحمەتکیشانـــی شاری لەبـــی ئاگایـــی وردە بورژوازی دادەژین . کە وابوو دیفاعی سەربەخوی پرولیتاریا لەداوا دیموکراتیکەکان و بوچوونی وریایانەی کومونیستەکان لە مەر خەباتی دیموکراتیکە کـــە ریك کەوتن و ئورگانیزە بوونی چینایەتی پرولیتاریا لەجەرمیانی خەبات‌داو ئاگایـــی ئەم چینە بەرامبەربە کونەپەرستی و هاو پەیمانە راستە قینە کانی چینی کریکار دەلوینـــی و قایمـــی دەکا .

* ..... * ..... * ..... * ..... * ..... * ..... * ..... * ..... * ..... *

هـــەرە شـــە لە گەلـــی کولنەدەری کـــورد

ئەوانەی کە پییان وابوو بە راگیاندنی فەرمانی چوونـــی هەموو سەربازخانەکانی گشت ولات وگشت پاسداران بو کوردســـتان مە سەلەی کوردستان جی بە جـــی دەکەن ، بیرەکیان بە قەت فەرمانەکیان گەوجـــانە بوو . ئەرتەشی دە ست پەروەردەی تەکووزی شاهەنشاهـــی و پاسدارانی سیاسەتی سەرکوت و ئیختینا قـــی ویلایەتە فەقیهەکان و رووحانی سالارەکان پەلاماریان

برده سەرکوردستان ،بی ئەوەی بتوانن چوك به گەلی کوانەدەری کورد دادەن . خوراگری قارەمانانەی پیشمەرگەی کورد و خوراگری جی ی شانازی ژنان ،لاوان و تەنانەت منداڵانی کوردستان لە بەرامبەر ئەم هیرشە دا ، زەنگی شکانی سیاسەتی سەرکوت وخەفەقانی رووحانی یە سالارەکانی هەر لەروژەکانی دەسپیکی ئەم پەلامارەوە وەدەنگ خست . دیسان کونەپەرستی رووحانی سالار و ویلایەتی فەقیهی لە خوی ناگەری و دەرس وەرناگری . قسەکەری "دادگای شورشی ئیسلامی کوردستان" رادەگەینی کە "بیتوو دژی شورشەکان هیمنی بشیوینن ،داوا لە ئایەتولای خەلخالی دەکری کە سە فەر بکا بو سنە" (ئیتیلاعات ١٧ی رەزبەری ٥٨) . ئەم ئاغایانە لەبیر خویان دە بەنەوە کە خەلخالی جەلاد یەك لەو کە سانەیە کە وجوودی وی لە کوردستان نەفرەت و بیزاری گەلی کورد زیاتر و زیاتر دەکا . لە بیرخویان دەبەنەوە کە ئەم جەلادی دیوانەی دیوانە لە بری هەر پیشمەرگەیەکی کە شەهیدی دەکا بە دەیان پیشمەرگە لەریزەی خەباتکارانی کوردستان زیاد دەکا . بەلام ئەم هەرەشە یە کافی نییە . سەیر ئەوەیە کە هەر لە هەمان ژمارەی روژنامەی ئیتیلاعات دا راگەیاندنی لەشکری ٦٤ی ئازەربایجانی روژاوا چاپ دەکری ،کە ناوەروکی راستە قینە ی ئەرتەشی سەرکوتکەر زیاتر دەدرکینی . لەم راگەیاندنە دا هاتووە :"ئەرتەش بە هەموو خەلکی لادیکانی ناوچەی ئازەربایجانی روژاوا بە توندی رادەگەینی بیتوو ئەفرادی دژی شورش و شەرخواز وده سنیژەکانی حیزبی قەدەغەکراوی دیموکرات پەنا بدەن و یان بە هەر شیوەیەك هاوکاری دەگەل وان بکەن و یان لە حاست وان بی تەفاوەت بن و یان شەر خواز و خیلافکارەکان لە نیزیك لادی ی ئەوان لە جادە کان وریپیلگەکان بەر هەلست سازکەن و ریگا بگرن و بارمتان بگیرنەوە ..... دەگەل خەلکی ئەم دییانەش وەکوو ئەفرادی حیزبی قەدەغەکراوی دیموکرات ودژی شورشان دەبزووینەوە ." بە راستی هەرەشەیەك لەمە توندتر بە میشکی کەس دا رانەدەبرد . ئەم هەرە شەیە واتە بەریوە بردنی سیاسەتی رەوی سووتاو بە دەستی ئەرتەشیك کە بیجگە لە سەرکوت کردنی زەحمەتکیشان مەبەستیکی تری نییە . ئەم هەرەشەیە واتە کە هەرکەس جاسووسی بو ئەرتەشی سەرکوتکەر نەکا سزای مەرگە . ئەم هەرەشەیە واتە لە هەرشوینیك کە شەریك قەوما خەلکی لادیکانی ئەم ناوچەیە دەکەونە بەر سیرەی توپ و تانکی ئەرتەشی یەکان . بەلام ئەم هەرە شە یە لە عەینی حال دا راگەیاندنی سوخت بوونی سیاسی سەرکوت کردنە . پیلینانی ئاشکرالەم راستە قینەیە کە رووحانی سالارەکان و ویلایەتە فەقیهیکان و گشت ئامرازەکانی سەرکوتکەریان نەك دەگەل دە ستەیەکی "خیلافکار" و "دژی شورش" بەلکوو دەگەل گەلی کورد رووبەروون . لەژن و پیاو و پیر و لاو . ئەم ئەرتەشی یانەی دە ست پەروەردەی راویژکەرە ئەمریکاییەکان و بەناو پسپورانی شەری دژی پارتیزانی بە هەمان ئوسلووب وئامرازەوە هەولی سەرکوت کردنی گەلی کورد دەدەن کە ئامریکاییەکان لە وییەتنام بە کاریان هیناو گەلالەی بەیاننامەکانیشیان جیاوازیکی ئەوتوی نییە . و بەراستی دەرسی خویان باش فیر بوون ،بەلام بە هیچی ، هەر وەکی کە ئامریکاییەکان لە وییەتنام شکان ئەم شاگردانەشیان لە کوردستان تیك دە شکین .

واقعییەت ئەمەیە کە رووحانی سالارەکان و دەولەتی بەردەستیان جگە لە سەرکوت کردنی عەسکەری هیچ مەنتیقیکی دی نازانن و راست هەر ئەم مەنتیقانەیە کە ناوەروکیان دەدرکینی . ئەگەر مستەفای چەمران ،دەلی کە "ئیمە لەو بیر وباوەرە داین نابی چارەسەرکردنی سیاسی و ئاوەدان کردنەوە لە بیر بکری" (ئیتیلاعات ١٨ی رەزبەری ٥٨) ،و ئەگەر داریووشی فرووهەر دەچیتە کوردستان تا دەگەل "موفسیدەکانی سەر هەردی "وت و ویژ بکا ،وو .... شتیك نییە جگە لە شوینەونکە و کز کردنی جەبهەی گەل نەبی . تەکووزیك کە لەسەر بناوانی دیکتاتوری و دامەزراندنی ئیختیناق دامەزراوە مەگەر کزو بی هیز بی دەنا بە هیچ جور مل بو خود موختاری کوردستان راناکیشی ،چونکوو خود موختاری گەلی کورد پیویستی بە تەکووزیکی دیموکراتیکە و ئەمە لە چوار چیوەی تەکووزیکی دیکتاتوری دا مەیسەر نییە و نە مومکینە . دەبی ئەم تەکووزە و سیستیمی حکوومەتیەکەی کز بکری و تیك بشکیندری تا

داوای بەحەقی زەحمەتکیشان ،کە داوای گەلی کوردیش لە جوملەی ئەوانە بیتە دی . راگەیاندنی ویستی دەولەتیەکان بو قەبوولکردنی وت وویژ بو خوی نیشانەی کز بوون و بی هیزی وانە . کز بوونیان لەکوردستان لە بەر خوراگری یەك پارچە و گشتی گەلی کورد . لیرە دا مەبەستمان کەلك وەرگرتن لەم کزبوونە نییە . بەلکوو قسە لەسەر وەیەکە دە بی وشیار بین . ئەوانە نەك لە بەر رەزا و بە پیخوشبوونی خویان بەلکوو لە بەر ناچاری ئامادە بوون بو وت و ویژ و لە هەر لەحزەو دەمیك دا کەهەل و مەرجی دامەزراندنەوەی دیکتاتوری خویناویان ئامادە بی ، جگە لەوە هیچ ناکەن . ئەوەی کە لە هەل و مەرجی کز بوون دا بیدەن هەرکە شکی هیزیان بەخویانەوە برد ،دەی ئەستیننەوە . ئەمە ناوەروکی هیزە کونەپەرستەکانە . ئەوان تا ئیستا وایان کردووە و لەمەو دواوەش هەروا دەکەن .

* ..... * ..... * ..... * ..... * ..... * ..... * ..... *

خەلخالی دیسان درو دەکا !

"لە بەر تەقەی ئار. پی . جی . حەوت چەند ماشین ئاوریان تیبەر بوو و لە بەر ئەمە حەوت کەس لە پاسدارەکان کە لە بن گەروکەکان دا سەنگەریان دابەستبوو لە ئاور دا سووتان"

(ئیتیلاعات ١٨ ی رەزبەری ٥٨ لاپەرەی ٢)

"سادقی خەلخالی ویرای باس کردنی چلونایەتی کووژرانی پاسداران لە ریگای سەردەشت ـ بانە کوتی :دوای کووژرانی ئەمانە جەستەی وانیان بە شیوەیەکی دل تاوین سووتاند."

(ئیتیلاعات هەمان ژمارە ـــ هەمان لاپەرە)

* ---------- *

مەجلیسی خەبیران : خەلافەت لە جیات پاشایەتی

ئیستا نیزیك دوومانك لە پیك هاتنی مەجلیسی خەبیران رادەبری و تاهو رو ئووسوولیکی زور لە لایەن بالی هەرە راستی رووحانی سالاریوە لە لایەن ئەم "مزگەوت"ە را پەسند کراوە . ویلایەتە فەقیهییەکان ،لە هەوەلەوە ،بە دوای سەقام پیدانی وەزعی لەرزوکی رووحانییەت ،کە لە باری کومەلایەتیەوە لە پەرسەندنی دەسمایەداری لە ئیران دا رەنگ دەداتەوە ، وەبەرن بە ناچار دەستیان کردبە تەنینەوەی شەپولی قورغچیتی و دوور خستنەوەی کومەلانی خەلك ،لە ژیانی سیاسی دوای شورش . هیشتا هاواری ئازادیخوازی و سەربەخویی ویستنی زەحمەتکیشانی لە خوین داگەوزاو ،لە هەوای دیکتاتوری دەرپەرینداراوی ئیران دا دەنگی دەداوە ،کە فەرماندەهی قوم فەرمانی ریفراندومی راگەیاندو لە فەتوای پەیتا پەیتادا ،داوای لەخەلك کرد تا دەنگ بدەن بە کوماری ئیسلامی و بە رواڵەت هاواری ئازادیخوازی و سەربەخویی خوازی خنکاند . تەوجیهی رابەرایەتی هەمیشە ئەوە بوو کە "ئیسلام" خوی لە خوی دا ئازادی و سەربەخویی تیدایە و هینانەگوری ئەم واژانە بەکردەوە سووکایەتی کردن بە ئیسلامە . و ئەمە لە هەل و مەرجیك دابوو کە کومەلانی خەلك ئەرتەشی شاکردمیان تووشی هەلوەشان و لەرزە لەرز کردبوو ،بەلام رووحانییەت بە پیك هینانی سوپای پاسداران و کومیتەکان ئامرازی سەرکوت کەری توپیی خوی پیکەوەدەنا . لەگەل ئەوەش دا داوای کومەلان بو دامەزران و پنج بەستنی دیموکراسی ئەوەندە لە زیدە بوو کە "کوماری ئیسلامی" بە تەنی پیی نەدەکرا ولامی ئەم داوایانە بداتەوە ،دیسان رابەری مەجبوور بە سەر وەدەرهینانی جەماعەتی "حیزبولا" بوو وئەم جارە بە هینانەگوری ناوی روژاوا ،چاکی کوشتنی دیموکراسی لی بە لا

دا کرد . گویا ئەوەی‌کە ئەمرو لە روژاوا بە قیمەتـــی خەباتی شیلگیری کومەلان و کریکارانی شورشگیر وەکوو ئورگانەکانـــی ئابووری ـ سیاسی دیفاع لە بەرژەوەندی ئەم تویژانە وەدەست هاتووە ،سەرتاپا لەری لادانە ،بەلام ئیسلامی "جەزیرەتولعەرەب" کە رووی بیبەزەی خوی لەدیکتاتوری خەلیفەکان داچ شیعە وچ سونی نیشان داوە ،مزگینیدەری ئازادی یە ! و ئەو هەمووە فەتوایەی ئازادیخوازی ئیسلام راست لە سەروبەندیك دا بوو کە گرووپەکانی شیوە فاشیست پەلاماری خوپیشاندانی دیموکراتیکی خەلکیان‌دەدا ، روژنامەکانیان دەسووتاندو هیرشیان‌دەکردە بنکەی ریکخراوە سیاسی یەکان و بەگشتی گشت ئەم ئامرازانەی کە پیشاویری "خەلافەتی" جی نشینی "پادشای" راکردوویان دەداوە دەوکەتەبەر پەلاماریان و مەندیل بە سەریکی وەك "رەفسەنجانی" لە کن رابەری دەیقیژاند کە ئەگەر ئیرادە بکەین خەلك ئیوە "واتە هیزە دیموکراتو شورشگیرەکان" دەکووژن . لە هەوایەکـی وەهادا ،کوودەتای رووحانی یە سالارەکان بە دەنگدان و خرکردنەوەی دواکەوتووترین و نائاگاترین عەناسوران قەوماو مەجلیسی خەبیران لە هولی تاغووتی سـەنادا کراوە . لە دە سپیکەوە بالی کونەپەرستی دە سەلاتدار هەموو فیل و دولابیکـی دەکار کرد و لە خورا نەبووکە ئایەتولای تالەقانی لـە گەل ئەوەش‌کە لە هەموان زیاتر دەنگی هینابو وە لە سەروکایەتی مەجلیس وەلانندرا و حیزبی کوماری ئیسلامی بە شیوەی "ئیرانی نەوینی" هووەیدا ،مونتەزیری و بە هەشتی لە سەرتەختی سەروکایەتی دانیشاند . ئەم مەجلیسە کە لەسەر کاولی دیموکراسی و لە هەوایەکی‌خنکینەر دافورمی گرت ،بی گومان دەبوو گشت ئیدیئالەکانی کومەلان وزەحمەتکیشان بو بەیانیکـی روون لەناو نەهیلی .ئەوە هەوەل جارنییـە و ئاخر جاریش‌نییە ،کە کومەلان ،ئەم گوردانانەی سەرەکی خەبات و راپەرین بە نووکـی خەنجەری بورژوازی و وردە بورژوازی کەلە پشتیان دەکوتی دەزانن و دیسان ئەوە هەوەل جار نییە کە تیندینسی فاشیستی لە بەرگی ئیدیئولوژی رەنگاورەنگی وردە بورژوازی دا دەست دەـ کەن بە هەلفریواندن وبـی خەبەر راگرتنی کومەلان . مەجلیس‌نشینە "مزگەوتـــی یەکان" یا مزگە وتـی یەکانی "مەجلیس‌نشین" ئەورو لە ژیر تەوژمی شکینەری‌کومەلان دا لە مەر وەدی‌هاتنی دیموکراسی ناچار بوون وهەن تا ئەسلەکانی بەناو قانوونی زنجیری یەخسیـری زەحمەتکیشان وگەلانی ئیران بهوننەوە . ئەوان کە لە ئاسوی داهاتوو دا دیمەنی رەشی دەمونخوون بوونەوەی خویان دە بین بە ناچار خویان لە رابردوو دا دە شونەوە و خەوی زیندان و بیدەنگی بو پیکهینەرانی داهاتوو دەبینن . بەلام هەر زیندانیك زیندانەـ وانیکی پـی دەوی وچ زیندانەوانیك باشتر لە "فەقیه" وچ زیندانیك بەجـی تر لە "ویلایەتی فەقیه" . ئەم پاشماوانەی چاخی‌عەنتیك ،لە زەمانی شورشەکانی پرولیتاریایـی دا و لە زەمانی هەلبرانی زنجیری‌عەبدایەتی دەسمایەدا ،کومەلانی خەلك کە بە تووریییەوە لـە ئاکاری ئەم "مزگەوتە" دەروانن بە هیچ ناگرن و لە جەغـزی‌بەرتەنگـی خویان دا هاواری "وەی بو ئیسلامیانە" . بی خەبەر لەوەی کە ئەوانەی "پاشایەتیان "گور کرد ،"خیلافەت" یش‌تیك دە تەپینن . کریکارانی شورشگیر ،جووتیارانی چەوساوە وگەلانـی تیکوشەر ،زوربەر لە پیك هاتنی ئەم مەجلیسە لە دژی هەلویستیان دەربری . ئەوانەی کە کەلەوەی "بابی تاجدار"یان بە تووریـی شورشگیرانەوە لەمل دارنـی ،تاوانی سەغیر بوون بە داسەپاندنی "وەلـی "ش‌بەخروشانی بەسامی شورشگیرانە ولام دەدەنەوە . شەپولی ئیعتیرازەکانی کریکاری و خەباتکاری گەلانی قارەمانی ئیران سەرقافلەی ولامیکی ئەوتویە . زەحمەتکیشانی ئیران بە خەباتی بەرـ دەوامی خویان دیموکراسی و ئازادی وەدەست دەخەن و لەم ریبازەدا بە سەر گشت کەندو کوسپیك دا سەردەکەون . ئیستامەجلیسـی خەبیران خەلافەتـی لە جـی‌ی پاشایەتی داناوە ،لە بەرئەوەی کە جەوهەری‌ئیستیبدادی هەر دووك تەکووز وەك یەك وایە ،ئەمە ش هەرچارەنووسی ئەوی پیشووی لە بەرە . ئەم ئاغایانەی کە پییان وایە بە قانوونی ئەساسی دەتوانن خەلافەتی خویان بکەنە هەمیشەیـی ، زور لە هەلە دان .

* . . . . . * . . . . . * . . . . . *